# دەنگوباسی کوردستان

بەخشنامەیەکە ناو بە ناو لە لایەن یەکێتی ی نەتەوەیی ی خوێندکارانی کوردەوە لە ئەوروپا دەرئەچێ

ژمارە ( ٢ ) - ٢٤ / ٥ / ١٩٦٦

١ - ڕۆژنامەی خەبات دەنگی " پارتی دیموکراتی کوردستان " لە ژمارە ( ٤٨٦ ) ی مانگی مارتی ٦٦ دا ئەم هەواڵەی خوارەوەی بلاوکردبووەوە .

"جەلال تالەبانی و عەلی عەسکەری و عومەر دەبابە و حیلمی عەلی شەریف لە ڕۆژی ٢٨/٢/٦٦ دا ناوچە ڕزگارکراوەکانیان بەجێ هێشت و ڕوویان لە ئەو ناوچانەی وان لە ژێر دەستی هێزەکانی حکوومەتدا بەبێ ئیزن یان ڕازی بوونی کاربەدەستانی شۆڕش" .

ڕۆژنامەی "خەبات" پێمانەوە ئەڵێ . "جەلال تالەبانی و عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری بە یارمەتی ی جاش توانیان بگەنە ناوچەی "کەرکووک" و "سلەیمانی" . بەلام "حیلمی عەلی شەریف" خۆی گەیاندە "بەغدا" و بە یارمەتی ی "عیسی زەبیحی" دەستی کردبە پەیوەندی ی بەستن بە حکوومەتەوە .

لە ڕۆژی ٢١/٤/٦٦ دا سێ کەس لە برادەرەکانی ئەمانە نامەیەکیان بۆ "بارزانی" نووسی و دەست بەرداری ی خۆیان لەمانە پیشان دا . ئێمە وا نامەکە وەك خۆی بە عەرەبی بلاو ئەکەینەوە :

سیادة الاخ مصطفى البارزاني المحترم

تحية ثورية حارة :

استجابة لاستفساراتكم حول توضيح موقفنا في الظروف الراهنة التي تمر بها ثورة شعبنا الكردي نود أن نبين لسيادتكم وجهة نظرنا بايجاز فيما يلي :

أولا - أن ترك جلال الطالباني وعمر مصطفى وعلي العسكري وحلمي علي شريف لمنطقة دوله رەقە بدون موافقة قيادة الثورة عمل ضار وعليه فاننا بالاضافة الى شجبنا له قررنا قطع علاقاتنا معهم منذ مفارقتهم لنا . و نعتبر جميع الاعمال التي يقومون بها هم وحدهم مسؤولون عن نتائجها و لا نتحمل تبعيتها ابدا .

ثانيا - اننا نرى في رص الصفوف و توحيد جهود كل المخلصين في كردستان العراق ضمانا لتوطيد الثورة و ايصالها الى اهدافها المشروعة و ان كل عمل يؤدي الى تفرقة الصفوف و الهاء الشعب بمعارك جانبية عمل ضار و لا يستفيد منه الا الاعداء .

ثالثا - اننا على أتم استعداد لتنفيذ جميع المهام التي تكلفنا بها قيادة الثورة ليتسنى لنا خدمة الثورة و شعبنا الكردي على قدر الامكان بقيادتكم . وختاما تقبلوا منا فائق احتراماتنا .

| | | |
|---|---|---|
| التوقيع المخلص | التوقيع المخلص | التوقيع المخلص |
| نوری صديق شاويس | علي عبد الله | نوری احمد طه |

٢١ / ٤ / ١٩٦٦

٢ - بە یادی نەورۆزی پیرۆزەوە کۆمەڵێك پێشمەرگە هێرشیان بردە سەر ئەو عەرەبانەی لە دێهاتە کوردە داگیرکراوەکانی نزیك کەرکووك و چاڵە نەوتەکان نیشتەجێ کراون . ( ٢٦ ) ئاواییان بە شەوێك پێ چۆل کرا و ( ١٥٦ ) کەسیان لێ کوژرا و ( ٢٠٠ ) کەسیان لێ بریندار کراو "٣٠" یان لێ بە دیل گیرا . عەرەبی ئاواییەکان هەموو ڕوویان کردە "کەرکووك" و سکالایان بردە بەر فەرمانداری لە شکری ( ٢ ) و بروسکەیان نارد بۆ عارف بەر لەوەی خوا بیباتەوە بۆ خۆی .

٣ - لە ژمارە ( ١ ) ی بەخشنامەی "دەنگوباسی کوردستان" دا ووتمان "عبد اللطيف الدراجي" لە "قاهیرە" "شەکری" خواردبوو کە گوایە ئەم بە هاری شۆڕشی کورد لە ناو ئەبا ! . بەلام ئەوەبوو خوای کورد ئەوی لە بەهاردا لە ناوبرد و "بە دەستی نەکەوت !!! " . وەك بەشیر موشیری خوا لێ خۆش بوو ئەی ووت .

٤ - لە ئەنجامی هێرشی پێشمەرگە بۆ سەر ( ڕەبیەکانی ) شاری هەڵەبجەدا ( ١٣ ) "ڕەبیە" ی داگیرکەران پاش شەڕێکی قارەمانانە داگیرکران . بەلام بە داخەوە ئەڵێن "حەمە شەمیرانی" لەم شەڕەدا شەهید کراوە .

٥ - لە هەفتەی دووەمی مانگی نیسانی ١٩٦٦ دا خەتی ئاسنی نێوانی "کەرکووك" و "هەولێر" لە لایەن پێشمەرگەوە بڕا و چەند پردێکیش ڕووخێنرا . بە هۆی ئەوە هاتووچو لە بەینی ئەو دوو شارەدا وەستا .

٦ - بە بۆنەی ئەو مان گرتنەوە کە لە ڕۆژی جەژنی نەورۆزی ئەمساڵدا ( ١/١/ ٢٥٧٨ ) لە شاری سلەیمانی کرا داگیرکەرانی تات چەند کەسێکی لە هیچا نەبوویان کوشت .

٧ - هێزەکانی پێشمەرگە بە سەروکایەتی ی "عیسی سوارە" هێرشیان بردە سەر سەنگەرەکانی حکوومەت لە ڕۆژاوای "زاخۆ" دا و ( ٥ ) جاشیان کوشت و ( ١٣ ) کەسیان بریندار کرد و یەکێکیان دیل کرد .

٨ - هەر هێزەکانی پێشمەرگە بە سەروکایەتی ی "عیسی سوارە" هێرشیان بردە سەر سەنگەرەکانی حکوومەت نزیك "فیشخابوور" و نیو سەعات شەڕیان لەگەل کردن . سەرۆکی هێزەکانی داگیرکەرانی عەرەب کە ئەفسەرێك بوو ناوی "قحطان" بوو کوژرا . ( ١٤ ) سەربازیش کوژران . پێشمەرگە ( ٩ ) تفەنگی ئینگلیزی و ( ٢ ) تفەنگی هولەندی و یەك ئوتوماتیك و [illegible] و ( ١٢ ) هەزار فیشەکیشیان دەستکەوت .

٩ ـ لیوای پینج هیرشی برده سەر "عەقره" و "زیبار" ولەگەل هیزەکانی پیشمەرگەدا کەوتە شەڕەوە پاش ( ٥ ) رۆژ جەنگێکی سەخت شکا و زیانیکی زۆر لە داگیرکەرانی عەرەب کەوت .

١٠ ـ داگیرکەرانی عەرەب لەم رۆژانەی دواییدا بە هۆی رۆژنامە و زۆرنازەن و چلکاوخۆرەکانیانەوە وای بلاو ئەکەنەوە کە گوایە هیزەکانی ئەوان لە گەلیك شویندا بەسەر سوپای شۆرشگیری کوردستاندا سەرکەوتووە و لەم بارەیەوە پەیتا پەیتا وتار بلاوئەکەنەوە و خۆشی خۆشی خۆیان ئەدەنەوە . ( بەزاز ) ی ( جامباز ) یش سەردلی خۆی بەوە ئەهەنوی کە گوایە کوڕە گەورەی ( بارزانی ) ـ کاك لوقمان کە هەرچەندە کوڕە گەورەی بارزانی ( عبد الله ) یە و لوقمان ناوەڕاستە و ئەمەش درۆیەکی تری بەزاز پیشان ئەدا ـ بە دەستی پیسی ئەوان لەم شەڕانەی دواییدا کوژراوە . ئیمە بۆ بە درۆخستنەوەی ئەم درۆودەلەسانەی ئەوان تەنیا چەند نموونەیەك لە سەرکەوتنەکانی سوپای رزگاریی کوردستان بلاوئەکەینەوەو ئەوسا خوینەرەوە خۆی با ببیتە سەرپشك .

أ ـ لە رۆژی ١٢ / ٥ / ٦٦ دا رادیوی دەنگی کوردستان عەرالیکی بلاوکردەوە کە لیوایەکی عیراقی بە هەموو ئەفسەر و ئەفسەری ریز و سەرباز و گشت کەلوپەلیکی جەنگی و ئازووخەیەوە لە ناوچەی ( عەندربن ـ زوزك ) دا خۆی داوە بەدەست سوپای کوردستانەوە پاش شەڕیکی گەرم . ژمارەی کوژراوەکانی دوژمن لەم شەڕەدا لە هەزارکەس پتر بووە . لیوایەك و زەعیمیك لە ریزی کوژراوەکاندا بوون . لەم شەڕەدا ( ١٨ ) تۆپی چیایی و ( ٤ ) تۆپی ئەمریکایی ( ٤ ) ئینجی و ( ١٤ ) تۆپی دوو ئینجی و ( ١٤ ) بی تەل و ( ١٠٠ ) چادر و سەدان سندووق فیشەك و سەدان تفەنگی بڕنەوی ئنگلیزی دەست سوپای شۆڕشگیری کوردستان کەوتووە .

ب ـ هەر رۆژی ١٢ / ٥ / ٦٦ چەند پیشمەرگەیەك بە سەرۆکایەتی ی ( فارس باوە ) هیرشیان بردە سەرگەڕەکی ( ئیسکان ) لە هەولیر و جاشەکانی شیخ محەمەدی لولان کە لەو گەڕەکەدا نیشتەجی کرابوون بە سزای خۆیان گەیاندران . ( ٣٠٠ ) کەس زیاتریان لی بریندارکرا و بەدیل گیران .

ج ـ ( ١٥٠ ) کوردی عەلخەتاو کە فریوی دەستی دوژمنان و داگیرکەرانی عەرەبیان خواردبوو دەستیان لە خراپەکاری هەلگرت و پەنایان بردە بەر سوپای شۆڕشگیری کوردستان و پەشیمانی خۆیان پیشاندا بەرامبەر بە کردەوەی پیشوویان و بڕیاریان دا ئیتر لەمەودواوە شان بە شانی پیشمەرگە بەشەرەفەکانی کورد دژی ئیمپریالیستەکانی عەرەب بجەنگین .

د ـ لە ناوچەی ( دهوك ) پیشمەرگە هیرشیان بردە سەر بنکەکانی دوژمن و ( ٣٥ ) سەرباز و جاشیان لی کوشتن و گەلیك کەلوپەلی جەنگی و خواردەمەنیان دەست کەوت .

د ـ لە ناوچەی ( سەفین ) پەلیکی سوپای داگیرکەرانی عەرەب بە هەموو چەك و کەلوپەلیکیەوە خۆی دا بەدەست پیشمەرگەوە .

و ـ لە ١٤ / ٥ / ٦٦ دا پەلی پیشمەرگەکانی ( بیارە ) لەغەمیکیان لە بەینی ( لەشکرگا ) ی عەلەیجەو نەخۆشخانەی عەمان شطردا شاردەوە . تەقینی ئەو لەغەمە بوو بە هۆی کوشتنی ( ١٢ ) سەرباز و بریندارکردنی دووان لە دوژمن .

ز ـ لە هەفتەی یەکەمی ئەم مانگەدا هیزەکانی داگیرکەرانی عەرەب پەلاماری ئەو گوندانەیان دا کەوان لە بەینی ( قادرکەرەم ) و ( باداوا ) دا لە ناوچەی ( کەرکووك ) بۆ تالان و بڕوبی . بەلام پیاوانە لەلایەن پیشمەرگەوە بەرەنگاری یان کرا و ( ٢٥ ) سەربازیان لی کوژرا و ( ٣٠ ) یان لی بریندارکرا .

ح ـ هیرشیکی سەختی حکوومەتی عیراق کە ئاڕاستەی ناوچەی ( بالەك ـ گەلالە ) کرابوو و بریتی بوو لە ( ٢٥ ) هەزار کەس ( سەرباز و جاش ) لەلایەن سوپای ئازادی بەخشی کوردستانەوە روستەمانە بەرەو پاش گیڕدرایەوە . پاش ئەوەی زیانیکی زۆر لە هیزەکانی دوژمن کەوت .

ط ـ لە ١٤ / ٥ / ٦٦ دا هیزەکانی پیشمەرگە لە نزیك ( کانی مانگا ) لە ناوچەی ( پینجوین ) تانکیکی عیراقیان بە لەغەم برد بە هەوادا .

ی ـ شەمەندەفەریك کە پڕ بوو لە چەك و ئازووخەو لە ئیستگەی ( باب المعظم ) لە ( بەغدا ) وەستابوو چاوەڕوانی ئەوەی ئەکرد فەرمانی بۆ بی تا بگا بە فریای سوپای تیك شکاوی داگیرکەرانی عەرەبەوە لە کوردستاندا . لە پڕ لەلایەن پیشمەرگەی دلیری کوردەوە تەقیندرا و دەنگەکە ئەوەندە گەورە بوو لە گەلیك شوینی بەغدا بیسترا و چەند رۆژیك پۆلیس و سەرباز خەریکی ئەوەبوون پارچەو پلووچی چەکەکان کۆبکەنەوە .

ك ـ لە کاتیکدا کە وەزیری دەرەوەی تورکیا ( میوانی ریزلی گیراوی عیراق ) بۆ سەردان بە کەرکووك و هەولیر و مووسلدا گەشت ئەکا تا بە چاوی خۆی ( ـ عیمنی ! ) و ( ئارامی ! ) ( سەرووی عیراق ! ) ببینی ـ وەکوو کاربەدەستانی بەغدا تی یان گەیاند بوو ـ لە پڕ لە ( پردی ـ ئالتون کوپری ) تەقینی بۆمبا و پرد ڕووخاندن و گرمەی شەستیر دەستی پی کرد . بەوە وەزیری ناوبراو بۆی دەرکەوت کە کاربەدەستانی عیراق هەرچیەکیان حالی کردووە ( راستیان فەرمووە !!! ) .

ل ـ کارەبای شاری ( حەمام عەلیل ) لە لایەن پیشمەرگەوە بڕرا و ئیستە خەلکی ئەوی بە تاریکی شەو بەسەر ئەبەن .

م ـ پردی "زیی پچووك" بەرووکاری حق تۆق ـ بەینی کۆیە و کەرکووك ـ لە لایەن پیشمەرگەوە تەقینرا .

ن ـ ئەو هەوالانەی لەم رۆژانەی دواییدا گەیشتوون وا ئەگەیەنن کە شەڕ زۆر گەرمە و هەتا ئیستە ( ٢٠٠٠ ) سەربازیك لە دوژمن کوژراو و بریندار هەیە بیجگە لەوانەی بە دیل گیراون یان خۆیان داوە بە دەستەوە . زیانی سوپای شۆرشگیری کوردستان نزیکەی ( ٢٠ ) شەهید یکە .

بەلی . ئەمانە بەشیکی زۆر کەمن لەو سەرکەوتنانەی سوپای شۆڕشگیری کوردستان بە دەستی هیناون . جا ئیتر شتیکی سەیر نیە کە داگیرکەرانی تات هەر ئەوەیان بۆ بمینیتەوە رووی رۆژنامە بەکری گیراوەکانیان بە ورینەی کاسەلیسەکانیان رەش بکەنەوە تا هیچ نەبی بە درۆ لەسەر کاغەز دل خۆشی خۆیان بدەنەوە .

١١ ـ داگیرکەرانی عەرەب پاش ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە سەرۆك و پیشەوای شیعەکان کە زۆربەی زۆری عەرەبی عیراق پیك ئەهینن ـ زانای خواپەرست و بەشەرەف ( سید عبد المحسن الحکیم ) بیزی نایە سەر بۆ داگیرکەران و خوین ریژان شوور بکا و وەکو چلکاوخۆر ( نجم الدین الواعظ ) ی خالی ( بەزاز ) و ( کاشف الغطاء ) ی بی ئابڕوو

ئاماده نیه خوا له خوی بڕەنجینی و فتوا دەربا کا له دژی کوردی تیکوشەر و خاوەن‌ماف و ئازادی خواز و تەنانەت بیزی نایە قسەشیان لەگەل بکا و چەند جار هەولیان دا بە پاڕانەوە و لالانەوەش نەیان توانی بە خزمەتی بگەن . ئەمجا چوون فەرمانیان دەرکرد کە وینەی ( سید عبد المحسن الحکیم ) لە چاپخانەکان و دوکانەکانی کەربەلا و نەجەف و شارەکانی تری شیعەنشین دابگرن . وەزانن خەلکی بەوە پیشەوای خویانیان لە بیرئەچیتەوە . ( خوا عەقل بە ئەولاندیان بدا ) .

١٢ – لە روژی ( عاشوورا ) دا پولیس بە زور شەربەت و شیعانە فروشت کە چووبوون بو زیارەت و ( ٢٠٠ ) کەسی بی گوناهی لی کوشتن . چەند کەسیکی چەکداری شیعەش هاتنە دەست و ( ٥٠ ) پولیسیان کوشت . ( دینی رەسمی دەولەت ئیسلامە ) . ئافەرم ئاوائەبی ئیسلامەتی ( نجم الدین الواعظ ) ی ( دووانزە عیلم ) !!!

١٣ – حکوومەتی لوبنان بە فیتی داگیرکەرانی عەرەب لە عیراقدا گەلیک کوردی گرت و هەندیکی لی دەربەدەر کردن . ( دوکتور نوران بن زازا ) یەکیک بوو لەوانەی دەربەدەر کران و لە ئەنجامدا ناچاری وا کرا کە بدریتەوە دەست سووریا و ئیستە بو خوی لە بەندیخانەی ( دەمشق ) ە . دەست بە لایەکی ( خالد بەکداش ) ە و با سلاواتی خوی بدا لە دیاری ( برایەتی ی کورد و عەرەب !!! ) .

١٤ – بەپی ی هەوالیک کە پیمان گەیشتووە ( لوقمانی بارزانی ) نەکوژراوە و تەنانەت لە کووری شەڕیشدا نیە بەلکوو لای ( شیخ ئەحمەدی بارزانی ) ی مامیتی لە ( بارزان ) و خەریکی کشت و کالە . بەزازیش بە دروان دەڕی .

١٥ – ئالەم روژەندا کە داگیرکەرانی تات نەک هەر تەنیا تا بن دەستیان وا لە خوینی بە ناڕەوا رژاوی نەتەوەی کورد دا بەلکو وەکو سەگی هار دەم بو هەموو لایەک ئەکوتن و بو نموونە ( خلیجی فارس ) یش بە ( خلیجی عەرەب !!! ) ناو ئەبەن و ( خوزستان ) ی ئیران بە خاکی خویان ئەزانن و ( بەرەی ئازادکردنی عەرەبستان !) دائەمەزرینن . ئەبینین هەندیک لە و روژنامانەی ئیران کە تەنیا بو پارەپەیداکردن دەرئەچن و هەندیکیشیان لەوانەن کە رابوردوویەکی زور رەش و تاریک و دوژمنانەیان هەیە بەرامبەر بە نەتەوەی کورد و ولاتی کوردستان و هەموو ئاری رەگەزیکی ئاسیای ناوەڕاست زور بی شەرمانە ئەو هەواڵە درویانەی داگیرکەرانی عەرەب سازیان ئەکەن لە روژنامەکانیاندا وەک ئەشکەوتی بوش دەنگیان بو ئەدەنەوە و ئەمانیش بە چەشنی داگیرکەرانی عەرەب و لەوان زیاتریش دلخوشی خویان ئەدەنەوە . یەکیک لەو روژنامە رووڕەشانە لەم دووییەدا وای بلاوکردبووەوە کە گوایە ( ١٠٠٠ ) پیشمەرگەی کورد لە لایەن ( حکوومەتی عیراقەوە ) ( لە ناو براون !) . ئیمە ئەمانەی بەم میشک بوشە پووڵەکیە بی ئابڕووانە بلی ین " دلی خوتان خوش مەکەن ... شورشی کورد نانەوی . پاش ئەوەش ئەگەر خوا نەخواستە بشنەوی . دل نیابن کە ئیوەش لە ( تاران ) دا ناتوانن ئاوا بە رەحەتی دانیشن و پارەی بو بخەنە بانکەکانی ئەورووپاوە . داگیرکەرانی عەرەب پاش ئەوەی لەمەسەلەی کورد ئەبنەوە هەر بە داگیرکردنی ( خوزستان ) راناوەستن بە لکو چاڵیکی زلیش بو ئیوە هەل ئەکەنن . لەبەر ئەوە مەبنە کەری دیز .

١٦ – لە کاتیکدا کە هەموو روژنامەکانی ئیران یان بەکسەر دوژمنایەتی لەگەل کورد ئەکەن یان دەنگوباسی پڕ لە دروی حکومەتی عیراق بلاوئەکەنەوە یان بی دەنگ و مەرماون جاری روژنامەی " خاک و خون " دەنگی حیزبی پان ئیرانیست زور پیاوانە و سەربەرزانە لەسەر شورشی کوردستانی خواروو عەل ئەداتی و بەرپەچی روژنامە بەکری گیراوەکان ئەداتەوە و بە درویان ئەخاتەوە . دەنگوباسی سەرکەوتنەکانی پیشمەرگە بە ناوی " مژدەیەک لە کوردستانی ئەودیووە " لە ژمارە ( ٨٠ ) دا بلاوکرابووەوە . بیجگە لەوەش کورتەی ئەو وتارانەی لە روژنامەی " خویندکاری کورد دا " پەخش کرابوون لە ژمارە ( ٧٦ ) ی خویدا بە فارسی بلاوی کردبوونەوە و خەباتی " یەکیتیەکەمان " ی باس کردبوو . لە ژمارە ( ٨٢ ) دا کورتەیەکی ئەو بیرخەرەوەیەی بلاوکردبووەوە کە یەکیتیەکەمان لە ٣٠/٣/٦٦ دا ناردبووی بو سەروک وەزیرانی ڕووسیا ئەلەکسی کوسیکین . هەروەها بە بونەی ئەوەوە کە کاربەدەستانی ئیران لە گەل داگیرکەرانی عەرەبدا کەوتوونەتە گوفتوگو زور رەخنەی لە حکوومەتی ئیران گرتبوو و نووسیبووی " ئەم گوفتوگویە لە کاتیکدا ئەکری کە ( ٣ ) ملیون کوردی هاوخوین و هاورەگەزمان هەولی لە ناوبردنی ئەدری لە لایەن داگیرکەرە خوینرێژەکانی تاتەوە کە کەمایەتیەکی کەمن لە عیراقدا . لەسەر کردنەوەی کورد و بەرگری کردن بو شورشی کوردستان لەسەر هەموو ئاری رەگەزیکی خوین پاک پیویستە . هەموو ئیرانیەک ئەبی بزانی کە سەرکەوتنی شورشی کورد سەرکەوتنیکە بو ولاتی ئاریا و پاراستنیکە بو کولتووری ئاریایی لە عیراقدا . لەبەر ئەوە ئەبی حکوومەتی ئیران سیاسەتیکی نەگوری لەم بارەیەوە ببی . ئەگەر عیراق ئەیەوی لەگەل ئیران دوستایەتی بگری با جاری مافی ( ٣ ) ملیون کورد بدا ئەوسا ئەبینە دوست . ئەگینا هەموو گوفتوگو و ریک کەوتنیک لەگەل حکوومەتی خوینخوری عیراق بی دلنیابوون لە مسوگەرکردنی مافەکانی کوردستانی خواروو خیانەتە و حیزبی پان ئیرانیست بە هەموو جوریک بەربەرەکانی ی ئەکا " .

سەروکی حیزبی پان ئیرانیست بە بونەی جەژنی نەوروزی پیروزەوە ئەم پەیامەی خوارەوەی بە هەزاران دانە لە چاپ دابوو و بە کوردستانی ئیران و سوپای ئازادی بەخشی کوردستانی عیراقدا بلاوی کردبووەوە .

ئەی کوردی ئازا ، دلسوزەکەی هـــــــوز — پیروز بی لە تو ، جەژنەکەی نـــــــەوروز
پیروزبی ی ئەوسات بهینـــــــەوە بیـــــــر — ( کاوەت ) ئەژدەهای داپاچی بەشییـــــــر
ئامان ، توی نەبەز ، نەکەی بترســـــــــی — لە پی پەتی ی تینـــــــوو و برســـــــــی
کول مەدە ، شەڕ کە ، دوژمن سەرشوڕکـــــــە — " تەیسەفوون " و " تاقی کیسرا " ی بە گوڕرکـــــــە
بە هاوبیری و هاوکـــــــاری ی " ئاری " .. — و بە یەک بوون ئەبی . گەلت رزگـــــــاری

ئافەرم " محسنی پزیشکپوور " و هەر خوش بیت بو خزمەتی کورد و کوردستان و هەموو ئاری رەگەزان و بەلام توش ئەی خاوەنی روژنامەی " سحر " کرخەریو بیت و لەعنەت داوەشی بوچ کوردیکیت .

١٧ – روژنامەی " جمهوریت " ی تورک لە روژی ٢٥/٤/٦٦ دا وتاریکی بو نووسەری تورک " ئیلخان سەلجوق " بلاو کردبووەوە لە بارەی مەسەلەی کوردەوە . ئیلخان سەلجوق نووسیبووی " مەسەلەی کورد لە تورکیادا نە بە پشت گوی خستن و نە لەریگەی شەقی پولیسەوە چارەسەر ئەکری . روژیک دی لە پڕ تورکیاش وەکو ( قبرس ) ی لی دی . ئیمڕوو ئەبینین کە گەلیک لە روژنامە بە ناوبانگەکانی جیهان وەک ( لموند ) ی فەرەنسی و ( نیویورک تایمس ) ی ئەمریکایی باسی کورد ئەکەن بە سایی ئەوەوەیە کە بارزانی سەر بە بەرەی روژاوایە و دوور نیە روژیک بیکەن بە گژ تورکیەدا " .
ئیمە لە کاتیکدا کە قسەکانی سەلجوق هەندیکی بە راست ئەزانین پیمان وانیە یەکیکی وەکو " بارزانی " روژی لە روژان لەبەر خاتری ئەمو ئەو بچی بە گژ تورکیادا . بەلام پیاو ئەبی ئەوە بخاتە بەر چاو ئەگەر سبەینی سوپای ڕووسیا وای پیویست کرد عیبرش بباتە سەر تورکیا ئەبی کورد لەبەر خاتری چی ری ی لی بگری ؟ و ئایە کورد کە لە کوردستانی تورکیادا

چەند ملیونیکە و لە هەموو مافیکی ئادەمیزاد بی بەشە ئەبی لە پای چی و لە پینلوی چیدا خوی بدا بە کوشت ؟؟؟ . یان چی هەیە لە کیسی بچی ؟ . بی گومان وەکو ئیمە بزانین ئیستە لە تورکیادا هەندی کەس ـ پاش ئەوەی لە لایەن نەتەوەپەروەرانی کوردەوە لەگەلیك راستی گەیەندراون ـ هاتوونەتە سەر ئەوەی کە بو پاشەروژی " تورکیای گەورە " کە تورکستانی رووسیاش ئەگریتەوە هەروەها بو ئەوەی تورکیا ی ئیمرو نەبیتە ئەو " قبرس " ەی کە " سەلجوق " یاسی ئەکا پیویستە زور ئازایانە مەسەلەی کورد لە سنووری " پارلەمان " ی تورکیادا بخریتە بەرچاو و " ئاوتونومی " یەك بدری بە کوردستانی تورکیا بو ئەوەی لەم ریگەیەوە کوردەکان رابوردوویان بیربچیتەوە . ئەم نووسینانەی کە لەم دواییەدا لە روژنامەکانی تورکیادا ئەبینرین بەرهەمی ئەو هەولەیە . جا هەرچەندە لەم ماوەیەدا چەند کتیبیکی کوردی لە تورکیا دەرچوو یەکیکیان " دەستووری زمانی کوردی " نووسینی " کەمال بادللی " ـ نوینەری شاری ئورفە لە پارلەماندا ـ بوو . بەلام بوونی پیاوی تەنگەتیلکە و کورت بین و دوژمن بە کورد و کوردستان ماوەی ئەوەندا کە ئەم ریبازە بەم زووانە سەربکەوی .

١٨ ـ روژنامەی ( ئولوس ) ی تورك روژی ٢٣/٤/٦٦ وتاریکی نووسیبوو بە ناوی " سەروکایەتی ی شورشی کوردستانی عیراقدا " ئەوەی خستبووە بەرچاو کە " بارزانی " تائیستە چەند جاریك نیازی ئاشتی خوازانەی خوی پیشانی حکوومەتی عیراقداوە کەچی هیچ کەلکی نەبووە .

١٩ ـ روژنامەی " النهار " ی لوبنانی روژی ١٧/٤/٦٦ وتاریکی بو بالیوزخانەی عیراق لە لوبنان بلاوکردبووە بە ناوی انتم انفصالیون و لستم کسویسرا هیرشی بردبووە سەر وتاریکی تر کە لە هەمان روژنامەدا بە ناوی ( رسالة کردی من بغداد ) ـ س . ص . ع ـ لەوەپیش پەخش کرابوو . بالیوزخانەی عیراق فەرموویووی کە گوایە " ئیمە نامانەوی وەکو گەلانی سویسرا بژین ئەگینا حکوومەتی عیراق ئامادەیە هەموو مافیکمان بداتی و هەموو مافیکیشمان هەیە ئیتر چیمان ئەوی " . یەکیتیەکەمان کە بو ئەوە دامەزراوە بەربەرەکانی ی هەموو دوژمنیکی کورد بکا بەیاننامەیەك لە ژیر ناوی " انتم مجرموا حرب و لستم کحکام سویسرا " وەرامی بالیوزخانەی دایەوە و وینەی ئەو بەرپەچە بە سەر روژنامە عەرەبیەکان و پیاوە ناسراوەکانی عەرەبدا بلاو کرایەوە .

+++++++++++++++++++++++

+++++++++++++++++++++++

+